# بۆ جەماوەری نیشتیمان پەروەر و مرۆڤایەتی دیموکرا تخواز!!






له قۆناغێکی وا هەستیار و ناسکدا دەژین کە مێژوو دەرفەتی گەورە، لەهەمان کاتدا، مەترسی گەورەی لەبەردەم مرۆڤایەتی ڕەخساندووە. لە ڕۆژهەلأتی ناویندا ڕەوشێکی شەڕ و "کاووس" caosی گەورە لە ئارادایە کە وەك شەڕی جیهانی سێیەم دەناسرێ و کوردستانیش لەناو گۆڕەپانی ئەو شەڕو ناکۆکیانەدا جێگای گرتوە. هێزە "قەوارە-کۆنە" پارێزەکان سەرباری ئەوەی بە ئاسانی دەستبەرداری دەسەلأت نابن و بەرگری دەکەن، هێزی سەرمایەی گلۆبالٚ

هەولٚ دەدا لە چوارچێوەی بەرژەوەندیەکانی خۆیدا کۆتایی بەو کاووسە "caos" بێنێ. گەلانی هەرێمەکەش هەولٚ دەدەن سیستەمی خۆجێیی دیموکراتی کە پشت ئەستورە بە ئازادی پێشبخەن و بەو شێوەیە کۆتایی بە ڕەوشی قەیراناوی بێنن. مرۆڤ دەتوانی چەند خالێکی کورت بەو شێوەیە دەستنیشان بکات:

1-مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای بەرهەمی شۆڕشی جوتیاری کە لە ئەکۆ-سیستەمی "ژینگە" زاگرۆس هاتە ئاراوە، گەیشتە سەرەتاکانی سەدەی 19. لە سەرەتای سەدەی 19دا دووەمین شۆڕشی مەزن شۆڕشی پیشەسازی سەری هەلٚدا. شۆڕشی دووەم واتە شۆڕشی پیشەسازی بە مەبەستی پێکهێنانی "دەولٚەت نەتەو" ڕۆلێکی گرنگی بینی. بەلأم سیستەمی "دەولٚەت نەتەو" لە کۆتاییەکانی سەدەی 20 میندا بوە بەربەست و کۆسپی هەرە مەزن لەبەردەم ئازادی، دیموکراتی و پێشکەوتنە کۆمەلأیەتیەکان، ئاستەنگی گەورەی نایەوە.

2-له سه‌ده‌ی 20 میندا، پره‌نسیپی مافی "چاره‌ی خۆنوسین"ی نه‌ته‌وه‌كان وه‌كو مافی دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌ت لێكدرایه‌وه، "ده‌وڵه‌ت نه‌ته‌و" له‌سه‌ر ئه‌و بنه‌مایه دامه‌زرا و له ڕۆژی ئه‌مرۆماندا ئه‌و ده‌وڵه‌تانه بونه‌ته كۆسپی هه‌ره گه‌وره له‌به‌رده‌م پێشكه‌وتنه‌كان، ئیتر بۆیه مۆدێلی "نه‌ته‌وه‌یه‌كگرتوه‌كان" كه له‌سه‌ر بنه‌مای "ده‌وڵه‌ت نه‌ته‌و" دامه‌زراوه به‌ڕێوه ناچێ. شه‌ڕی كه‌نداو و ڕه‌وشی ئێستای عێراق ئه‌و ڕاستیه ده‌سه‌لمێنێ.

3- گلۆبالیزم كه له‌سه‌ر بنه‌مای "ده‌وڵه‌ت نه‌ته‌و" سازكراوه، ناتوانێ ڕۆڵی چاره‌سه‌ری به مه‌به‌ستی ڕزگاربون له‌و یه‌كه ببینێ. به‌ڵكو چاره‌سه‌ری "كۆنفیدرالیزمی دیموكراتیه" كه به‌ته‌واوه‌تی خۆی به گه‌ل ده‌سپێرێت و هێزی خۆی له‌سه‌ر ئه‌م بنه‌مایه یه‌كده‌خات. له مێژوی مرۆڤایه‌تیدا چۆن ڕاستی ده‌وڵه‌تی ئه‌زه‌لی له ئارادا نیه، "ده‌وڵه‌ت نه‌ته‌و"یش هه‌بونێكی هه‌تا هه‌تایی نیه. له ڕۆژگاری ئه‌مڕۆشماندا گلۆبالیزمی "ده‌وڵه‌ت نه‌ته‌و، له دواوه ده‌مێننه‌وه. به‌ڵام له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئیمپریالیزم له‌و قۆناغه‌دا نه‌یتوانیوه، مۆدێلی سیسته‌می نوێ بئافرێنێ، كێشه‌كانی سیسته‌م قوڵتر بونه‌ته‌وه‌و گه‌یشتۆته ئاستی قه‌یران.

4-له‌و ڕه‌وشه ناله‌باره‌دا تاكه ئه‌لته‌رناتیف "كۆنفیدراسیۆنی دیموكراتی"ه، كه مۆدیلێكی ڕێكخستنی تازه‌یه به شێوازی "هه‌ره‌م"ی خۆی ده‌ئافرێنێ. لێره‌دا قسه، گفتوگۆ و بڕیار له‌لایه‌ن كۆمه‌ڵه‌كانه‌وه ده‌درێ. پاڵێوراوان له ئاستی خواره‌وه بۆ سه‌ره‌وه به شێوازێكی دیموكراتیانه هه‌ڵده‌بژێردرێن و له ئاستی هه‌ره سه‌رودا كۆردیناسیۆنێك سازده‌كه‌ن. لێره‌دا پاڵێوراوان وه‌ك كارمه‌ندی ساڵه‌نه‌ی هه‌ڵبژێردراو له‌لایه‌ن گه‌له‌وه خه‌بات ده‌كه‌ن.

5- سیسته‌می "كۆنفیدارسیۆنی دیموكراتی له پێناوی چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌كانی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوین كه تا ده‌چێ دژوارتر ده‌بێ، " ڕێگا چاره‌یه‌كی هه‌ره گونجاوه. به‌و شێوازه‌ی كه سیسته‌مه ئیمپریالی و سه‌رمایه‌دارییه‌كان ده‌یسه‌پێنن دیموكراسی پێشناكه‌وێ، به‌ڵكو دیموكراسی ئیستیسمار ده‌كرێ. له سیسته‌می "كۆنفیدارسیۆنی دیموكراتی"دا، مه‌رجه ئه‌لته‌رناتیفی دیموكراتی كه له خواره‌وه بۆ سه‌ره‌وه پێشده‌كه‌وێ، به مه‌به‌ستی سه‌روه‌ری بسه‌پێنرێ. هه‌روه‌ها سیسته‌می ئاماژه بۆكراو، له‌سه‌ر بنه‌مای ڕه‌چاوكردنه‌وه‌ی جیاوازیه كۆمه‌ڵایه‌تی، چینایه‌تی، ئاین و ئه‌تنیكیه‌كان داده‌مه‌زرێ.

6- بۆ كوردستانیش "مافی چاره‌ی خۆنوسین" له‌سه‌ر بنه‌مای نه‌ته‌وه‌په‌رستی و سازكردنی ده‌وڵه‌ت نا، به‌ڵكو ئه‌و مافه بزوتنه‌وه‌ی ئافراندنی دیموكراسیه، كه سنوره سیاسیه‌كان ناكاته كێشه‌و سنوره‌كان به بنه‌ما وه‌رناگرێ. به‌پێی ئه‌و سیسته‌مه له عێراق، توركیا، سوریا و ئێراندا ئه‌و ده‌زگاو دامه‌زراوانه‌ی كه ساز ده‌كرێن كۆده‌بنه‌وه لای یه‌ك و فیدراسیۆنی خۆیان پێكدێنن، ته‌واوی ئه‌و فیدراسیۆنانه‌ش كۆنفیدراسۆنێك له سه‌رودا ساز ده‌كه‌ن.

7-له سیستەمی کۆنفیدارسۆنی دیموکراتیدا ئەرکی سەرەکی بۆ بڕیاری گەل، ئەنجومەنی شار و گەڕەکەکان دەگەڕێتەوە، بۆیە بڕیار بڕیاری خوارو واتە گەلە.

ئەو خاڵە سەرەکیانەی کە بۆ جیهان، ڕۆژهەڵاتی ناوین و کوردستان پێشکەشمان کردووە، دەستنیشان دەکات "کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی کوردستان" ئەرکێکی مێژوویی و پەلەیە، ناکرێ هەرگیز دوابخرێ و دەستبەرداری ببین. لەسەر ئەو بنەمایە، لەگەڵ هاتنەوەی ڕۆژی نەورۆزی ئەمجارە، قۆناغی "کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی" لە لایەنی مێژووییەوە بەشی خۆی جۆش و خرۆش بە مرۆڤ دەبەخشێت و ئەمەش لە پێناوی ئازادیدا گرنگە.
"کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی کوردستان" سیستەمی دەوڵەت نیە، بەڵکو سیستەمی دیموکراتی گەلە. سیستەمێکە؛ لە ڕیزی پێشەوە ژنان و لاوان پاشان ڕێکخستنی سەرجەم بەشەکانی کۆمەڵگا دەئافرێنێ. سیاسەت ڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای "هاوڵاتی کۆنفیدرالی ئازاد-یەکسان" و لە ناوچەکان لە ڕێگای ئەنجومەنی هاوڵاتیانی ئازاد بەڕێوە دەچێ.
گرنگی ئەو سیستەمە لەوەدایە کە بەشێوەیەکی گشتی خۆی بەگەل دەستپێرێت و هێزی خۆی لەگەل وەردەگرێ. لە بواری ئابوری و بوارەکانی تردا پشت ئەستورە بە بەرهەم و هێزی خۆجێیی. "کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی کوردستان" هێزی خۆی لە قوڵایی مێژوی کۆمەڵگا و کولتوری دەوڵەمەندی مێژوی مەزۆپۆتامیاوە وەردەگرێ.
سیستەمی ئاماژەبۆکراو خۆی بە کۆمەڵگای سروشتی کۆمونال دیموکرات دەستپێرێ، کە لە سیستەمی "کلان-قەبیلە" و کۆنفیدارسیۆنی عەشیرەتەکان تا ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا پێکهاتوە و نەیخواستوە خۆی بخزێنێتە ناو کۆمەڵگای دەوڵەت پارێز.
"پ ك ك" لەسەرجەم گۆرەپانەکاندا، لە سەروی هەمووشیانەوە لە زیندانەکان و شاخەکاندا، تێکۆشانێکی مەزنی لەماوەی 30 ساڵدا بەڕێوەبرد و بە هەزاران شەهیدی کردە قوربانی و لە ئەنجامدا توانی خۆی بگەیەنێتە گەلێکی ووڵاتپارێز، هەروەها توانی خۆی بگەیەنێتە دەستکەوتی ڕێکخستنی دیموکراتیك و ژیانێکی ئازاد. "کۆنفیدارسیۆنی دیموکراتی" لەهەمانکاتدا خۆی بە مێژوی نزیکدا دەستپێرێت و لەو چوارچێوەیەدا دەخوازێ لە ڕێگای ریفۆرمی بنچینەیی دەوڵەتان بگەنە ئاستێك مل بۆ دیموکراسی کەچ بکەن، لەبەردەم دیموکراسیدا کۆسپ و تەگەرە نەنێنەوە، لەو چوارچێوەیەدا تێکۆشانی خۆی بەمەبەستی لەناوبردنی سەرجەم کۆسپ و تەگەرەکان ئەنجام دەدا. ئیتر لەمەو بەدوا لە کوردستان سێ جۆر ماف "حقوق" خاوەن ڕۆڵ دەبن: 1-حقوقی یەکێتی ئەوروپا، 2-حکوقی دەوڵەتی ناوەندی و 3-حقوقی کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی. دەوڵەتانی وەك عێراق، ئێران سوریا و تورکیا، تا چ ئاستێك حقوقی گەلی کورد

بناسن و دانی پێ بنێن گەلی کوردیش ئەوەندە حقوقی ئەوان دەناسێت و دانی پێدا دەنێ و لەسەر ئەو بنگەیە خۆی دەسازێنێ.

کۆنفیدارسیۆنی دیموکراتی سەرجەم پێکهاتە کولتورییەکان و پاراستنیان و گوزارەلەخۆکردنی ئازادیان بەبنەما دەگرێت. لەسەر ئەو بنچینەیە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوازێکی دیموکراتی، لە هەموو ئاستەکاندا دان نان بە ناسنامەی کورد، پێشخستنی کولتور و زمانی کوردی وەك ئەرکی سەرەکی خۆی دەبینێ.

کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی دان بە مۆدێلی کۆمەلگای ئیکۆلۆژیدا دەنێت و لە دژی گوشارەکانی ڕەگەزی کۆمەلگا داوای هەلوێستی هەمە لایەنە دەکات و هەوڵ دەدا لە ڕێگای تێکۆشانی ئازادی ژنان کۆتایی بەو ڕەوشە بێنێ. ئەو دیموکراسیەی کە خۆی بە ئازادی ڕەگەزی و ئیکۆلۆژی دەسپێرێ، لە هەموو ئەو ناوچانەی کە کۆمەلگای کوردی تیادا نیشتەجێن، کاری ڕێکخستن ئەنجام دەدات و لەسەر ئەو بنەمایەش دژ بە هەموو شێوازەکانی کۆنەپەرستی تێکۆشان بەرپا دەکا.

کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی، ئازادی کۆمەلگاو مافەکانی تاك بە پێشکەوتن و گەشەسەندنی دیموکراسی دەبەستێتەوە. لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەلآیەتیەکان شێوازی توندو تیژی بەکار ناهێنێت یانیش خۆی دەسپێرێتە سیاسەتێکی ئاشتیخوازانە. هەروەها لە دژی هێرشەکانی دژ بە گەل، ولآت، ئازادی و پێشێلکردنی حقوق، مافی پاراستنی ڕەوای خۆی بەکاردێنێ.

کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی بزوتنەوەیەکی بەو شێوەیەیە، کە گەلی کورد دیموکراسیەتی خۆی بەخۆی دەئافرێنێت و سیستەمی کۆمەلآیەتی خۆی ئۆرگانیزە دەکات. لە ناوخۆدا نەتەوەی دیموکراتی و لە ئاستی دەروەشدا بەشێوەی پێکهاتەیەکی لە سەروی ئاستی نەتەوە گوزارە لەخۆی دەکات.

هەروەها ڕێکخستنی ئاماژەبۆکراو خۆی دەسپێرێتە ئەو یەکێتیانەی کە لەسەر بنەمای ئازادی کۆمەلآیەتی سیاسی، ئابوری، کولتوری، کۆمەلآیەتی، ئایینی و مەزهەبی، جنسی و ئەتنیك، لە ڕێگای ئەو ڕێکخستن و یەکێتیانە لە گۆڕەپانی ئیکۆلۆژی و کۆمینالدا، کۆمەلگا بەخۆی خۆی بەڕێوە دەبات. لەسەر ئەو بنەمایە لە سەروی هەموویانەوە بانگ لە ژنان و لاوان و هەموو بەشەکانی کۆمەلگا دەکەم لەپێناوی ئافراندنی ڕێکخستنی دیموکراتیکی خۆیان، چالاکیە دیموکراتیەکانیان بەهێز بکەن و بە خۆیان خۆیان بەڕێوە ببەن.

"کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی کوردستان" گوزارە لە یەکێتی دیموکراتی گەلی کورد، کە بەسەر چوار پارچەدا دابەش بووە دەکات. لە چوارچێوەی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی نەتەوایەتی پرەنسیپی یەکێتی دیموکراتی بە بنچینە وەردەگرێت، مەیلی ئەو لایەنانەی کە دەیانەوێ بگەنە دەوڵەتی بنەما ئەتنیك، وەك مەیلی مۆدێلی "دەوڵەت نەتەو" کە کاتی بەسەر چوە دەبینێ، چونکە ئەو مەیلە بەس نیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و پێشخستنی کۆمەلگای کوردی، لەسەر ئەو بنەمایە بانگەوازی ئاراستەی ئەو لایەنانە دەکەم تاکو دەرگای خۆیان لە پێناوی هێنانەکایەی دیموکراسی ئاوەلآ بکەن و لەسەر بنەمای یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی بەشداری لە کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی کوردستان بکەن.

لەبەر ئەوەی کۆنفیدارسیۆنی دیموکراتی خاوەنی هزرێکی بەهێزی دیموکراتی و تێگەیشتنی ئازادە، بەبێ ئەوەی جیاوازی نێوان گەلان بەبنەما وەربگرێ، یەکێتی ئازاد و یەکسانی نێوان گەلان بەبنەما وەردەگرێ.
لەجیاتی نەتەوەیەکی دەوڵەتپەرست و ئەو نەتەوەییەی کە خۆی بە سنورەکان دەسپێرێ، هێڵی نەتەوەیی دیموکراتی پێشدەخات، لەسەر ئەو بنەمایەشەوە لایەنگری لە یەکێتی سەرجەم هێزە دیموکراتیەکان و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەکات. هەروەها بۆ پەیوەندی لەگەڵ دراوسێکان خۆی دەسپێرێتە پرەنسیپەکانی یەکێتی ئازاد و یەکسان و لەسەر بنەمای گەشاندنەوەی مافی کولتوری، کۆمەڵایەتی و سیاسی چاو بە پەیوەندیەکان دەخشێنێتەوە. لەو چوارچێوەیەدا جارێکی دیکە بانگەوازی گەلی هەرێمەکە بۆ یەکێتی کۆنفیدراڵ و وڵاتانی دراوسێش بۆ هەڵوێستی دیموکراتی دەکەم.
کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی لەبەرامبەر بە ئیمپریالی گلۆباڵ لایەنگری لە گلۆبالیزمی دیموکراتی گەلان دەکات. سەدەی 21 ئەو سەدەیەیە کە سەرجەم گەل و مرۆڤایەتی بەیەکەوە دەژین، ئەوەش لە چوارچێوەی جیهانی گلۆباڵدا واتای ڕێپێوانێك بەرەو کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی و قۆناغێکی نوێ دەگەیەنێ. لەسەر ئەو بنەمایە بانگەوازی ئاراستەی سەرجەم مرۆڤایەتی دیموکرات دەکەم بەمەبەستی ئافراندنی جیهانێکی نوێ لە ژێر چەتری کۆنگرەیەکی دیموکراتی گلۆباڵدا کۆببنەوە.
لەسەر بنەمای ئەو پرەنسیپانە، لە نەورۆزی ساڵی 2005دا، دامەزراندنی "*کۆما کۆمەڵێن کوردستان*" ڕادەگەیەنین کە گوزارە لە یەکێتی و ڕێکخستنی کۆنفیدرالی گەلی کورد دەکات. باوەڕیم وایە بەو یەکە دەتوانین فەلسەفەیەکی نوێ و ژیانێکی بە سیستەم بدەینە گەلەکەمان. سازمانکاری ئەو یەکە بۆخۆم وەك شەرەفێك دەبینم، بانگەوازی ئاراستەی هەموو گەل دەکەم لە ژێر ئاڵای کۆنفیدرالی دیموکراتی کە لە زەمینێکی سەوز، لەناو خۆرێکی زەرد دا ئەستێرەیەکی سور جێ دەگرێ کۆببنەوە، دیموکراسی خۆیان ڕێکبخەن، دەستیان بخەنە ناو دەستی یەکتری و خۆیان بەڕێوە ببەن. منیش بە ڕومەتێکی زۆرەوە پێشوازی لەو ئاڵایە دەکەم و بەرزی دەکەمەوە، چۆن من ئەو ڕەووشەم گەیاندە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، لە داهاتوشدا هەوڵ دەدەم ئەرکی ڕێبەرایەتی خۆم پێکبێنم و لەو بەهارەدا کە لە سەرجەم بەهارەکانی ڕابوردی زیاتر نزیکە لە ئازادی جەژنی نەورۆزی سەرجەم گەلی کوردستان، گەلی هەرێمەکە و دۆستانمان پیرۆز دەکەم سڵاو و ڕێزی خۆمتان پێشکەش دەکەم.

20ی ئاداری 2005

**عبدوڵا ئۆجالان**

**ڕێبەری "کۆما کۆمەڵین کوردستان"**